# گەر پیریش بم..!





سەرهەنگ حەمە ساڵح

ئەو دەمەی

لە بیرتە ..پایز   کە لێك دابڕاین

کراسێکی زەردی لەبەر بوو..

باڵندەکان بارگەی کۆچیان

تێك دەنا..

من بۆ چۆلەکەیەك دەگریام

کە هێلانەی لە نیو دڵم

چێ کردبوو..

تۆش لە نێو گەڵا وەریوەکان
ئەشکی جودایيت..هەڵدەڕشت
بارگەیەکی نامۆت..تێك نا
سەرت هەلگرت..
ساڵ هات و ڕۆیشت
باڵندەکان گەڕانەوە..
گەڵا بەرگی سەوزی پۆشی
هۆ گوڵە خان..
هەر نەهاتی لەم عەشقە وێڵەم
بپرسی...ئێستا لە کوێی؟
چاوەڕوانم تا ئەو ساتەی
گەر پیریش بم..تا بمێنم
بە تەزبیحەکەی دەستم
دەستەو گۆچان...
چەندەها پایز دەژمێرم
تادێیتەوە...!